کۆماری عیراق
وەزارەتی رۆشنبیری و هونەر
دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

# جگەرگۆشەکان

شیعر بۆ منداڵان



کاکەی فەللاح

[redacted]
پۆلی پێنجەم
قوتابخانەی دەسنووزی کوردان


کۆماری عیراق
وەزارەتی رۆشنبیری و هونەر
دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی

(٣٣)


# جگەرگۆشەکان


حەمە حەمە ئەمین قادر

«کاکەی فەللاح»



چاپی یەکەم

بەغدا - ١٩٧٨

هەواڵنامەی کتێب

زانا احمد شریف



# پێشکەشە بە :-

دایک و باوکە بەڕێزەکان
بە مامۆستا دڵسۆزەکان
جگەرگۆشە ئازیزەکان
بە هەموو مرۆڤێکی منداڵ پەروەرو
بزەو گڕو گاڵ پەرست..

هەواڵنامەی کتێب

زانا حمه شریف

# وشەیەك

هەواڵنامەی کتێب

## منداڵە خۆشەویستەکان !

دەزانن چی وای لێ کردووم کە ئەمە نزیکەی بیست ساڵێکە ، بەشیعر ، ئاوڕم لە جیهانە پاکو بێ گەردو بەفرینو گەرمەکەی ئێوە داوەتەوەو ، کەمو زۆر ، توانیومە چەند بەرهەمێکتان چ لە نامێلکەو چ لە گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکاندا ، پێش کەش بکەم ؟ ..
رەنگە هەندێکتان وا بزانن کە مامۆستای قوتابخانەمو ئەو پیشەیە وای لێ کردبم کە ئاشناو تێکەڵاوی دنیا خۆشەکەی ئێوەبم ... من ئەگەرچی شانازی بە ئەرکی مامۆستایەتییەوە دەکەم ، بەڵام رۆژێ لەرۆژان مامۆستا نەبووم ... ئەی باشە رەگو ریشەی بایەخدانم بە

شیعرو ئەدەبی منـدال چی‌یـە ؟ تۆ بڵێی سـادەیی‌و ئاسانی‌ی ئەم هونەرە شیرینەبێت ؟ نەخێر ئەوەش نی‌یە، چونکە دانانی بەرهەمی سەرکەوتوو بۆ ئێوەی ئێسـک سووك ، کە بەدڵ‌و چێژی ئێوە بێت ، هەروا شـتێکی ساکارو سەرپێی نی‌یەو بەهرەو هەوێنی تایبەتی خۆی پێویستە ٠

ئەوەی ئەم خولیاو کەڵکەڵەیەی خستە سـەرمەوە تەنها ئەوەیە کە لە قووڵترین نـاخی دڵ‌و دەروونمەوە سەرچاوەی خۆشەویستی‌یەکی تـەواو روون‌و ئیجگار گەش هەیەو هەمیشە روو لە پەرەسەنـدن‌و زیـادی‌یە بەرامبەر ئێوەی منداڵ‌و بەچکە مرۆڤ ٠٠٠ ئەو دڵپاکی‌و بێ‌گەردی‌و هەست ناسـکی‌و جم‌و جووڵ‌و بێ‌فێڵی‌و پیرۆزی‌یەی لە چاوە گەشەکان‌و دڵە بچکۆلەکانی ئێـوەدا دیومن‌و دەیانبینم ، لەپاڵ ئـەو نرخ‌و بایەخەی بەرامبەر

بە مرۆڤ لە دڵمایەو بڕوام پێیەتی ، بزوینەری راستەقینەی بەشێکی زۆر لەهەستو نەستی منن دەربارەی ئێوەی خۆشەویست ...

جا لەبەر ئەوەش کە وەك شاعیرێکی هەست ناسكو منااڵ پەروەرو باوکێکی خاوەن حەوت منااڵ ، بڕوایەکی تەواو قووڵو بێسنوورم بەوە هەیە کە پێویستە بایەخێکی زۆر بەشیعرو چیرۆكو هونەرو هەموو لقەکانی تری ئەدەبو رۆشنبیری منااڵ بدرێ ، بەنیازی پەروەردەکردنو پێگەیاندنو فراوان کردنی ئاسۆی بیرو تێگەیشتنو چێژو هەستی ناسکتان ۰

ئەم کۆمەڵە شیعرەش کە لەژێر سیبەری درەختی ئەم دیوانەدا ، بەناوی [ جگەر گۆشەکان ]ەوە پێشکەش بە ئێوەی گلێنەو جگەر گۆشەی کورد دەکەم بریتییە لە زۆر بابەتی پەروەردەییو کۆمەڵایەتیو زانیاریو ئەدەبیی ئەوتۆ کە زۆر کەڵو قوژبنی جیهانە گەشو رووناکەکەی ئێوەی گرتۆتەوە ، بەپێی ئەوباسو هەناسەو مەبەستو وێنەو گیانانەی کە لە شیعرەکاندا



هەواڵنامەی کتێب

دەدرەوشێنەوە ... هیـــوادارم توانیبێتم ئەوەندەی پێم کــرابێ نیشـــانەکان بپێکمو خزمـــەتێکی بچووکو بێ ڕواڵەتو نیازپاکی جگەرگۆشەکانی کـــوردم کردبێ، کە زۆر بێ بەشو تامەزرۆی ئەم چەشنو بابەتـــانـــەنو هەروەهاش لەڕێگای ئەمانەوە چەپکێ شـــیعرو ڕەنجو تەقەڵاو بایەخم پێشکەش بە باخچەی شیعرو ئەدەبیاتی کوردیمان کردبێت.

**کاکەی فەللاح**

سلێمانی ـ ساڵی ١٩٧٧

هەواڵنامەی کتێب

# لە سەرەتای ساڵەوە

براکانم ! ، خوشکەکانم !
هاوڕێ خۆشەویستەکانم




دەرگای مەکتەب کرایەوە
پشوی هاوین بڕایەوە

جا نۆرەی قوتابخانەیە
کە بۆ زانین هێلانەیە

بە یەکتر شاد ئەبینەوە
ڕێگای خوێندن ئەگرینەوە

دەرچوی ساڵی پار بێ پەروا
بەرەو پۆلی تازە ئەڕوا

دەرنەچوی لەکاروان جێ ماو
دڵی پڕ خەفەتەو زوخاو

سەد بەڵێنی بە خۆیداوە
ئیتر نەکەوێتە دواوە ...

هەموو پۆل پۆل دێنو ئەچین
وەك پورەهەنگ کۆمەڵ ئەبین

بە ئاواتی دەرچونی نوێ
گیانمان ئەکەین بە چاووگوێ

تاکو وانەکان فێر ئەبین
لە تێگەیشتن تێر ئەبین

ماندو بین لە سەرەتاوە
کاری دەرچونمان تەواوە

ئەوی ئێستە حەسایەوە
پەشیمانی بۆ مایەوە

با هەوڵ بەین هەتازوە
تا هەل لە دەس دەرنەچوە

# پرسیارو وەڵام

پ : کێ باخەوانی باخچەی زانینە ؟
و : دیارە مامۆستای وشە زێڕینە .

پ : کامەیە باخچەی پەروەردەو زانین ؟
و : قوتابخانەیە لێوەی فێر ئەبین .



پ : ئەی کوا نەمامی ئەو باخەخۆشە ؟
و : ئەوە قوتابی ژیرو بەهۆشە .

پ : کامەیە گوڵی گەش و بۆن خۆشی ؟
و : مژدەی دەرچونی مانگانەی خۆشی .

پ : ئەی کـوا دێراوی بەر گولـەکـانی ؟
و : پـەنجـە ڕاکێشـــە بۆ پۆلـەکـانی .

پ : کامـەیـە ئـاوی ئـەو باخە جوانـە ؟
و : ئـارەقی ڕەنجی مامۆســـــتاکـانە .

پ : کامـە نێرگسـی بـاخچـەی دڵـگیرە ؟
و : بۆ ســەر تەختەی ڕەش هەر تەباشـیرە .

پ : ئـەی پەرژینی ئـەو باخـە کامەیـە ؟
و : بۆ خوێندنی سـاڵ هەر بەرنامەیـە .

پ : ئـەی دڕکو داڵی ئـەو باخـەچی‌یـە ؟
و : سستی‌و تەمەڵی‌و هیـچ نـەزانی‌یـە .

پ : ئـەی بەروبوومی ســاڵانەی کامـــە ؟
و : میـوەی دەرچونی خۆش‌و بـەتـامـە .

هەواڵنامەی کتێب



# گوڵی باخچە

گوڵی باخچەی منداڵان
بۆنیان ئەگاتە ماڵان
پەروەردەی ئەم چیمەنەن
گەشاوەی زەردەخەنەن



هەواڵنامەی کتێب

دێنو ئەچن ، فریشتەن
چۆلەکەی ئەم بەهەشتەن

یان کەروێشکی بچووکن
بەرخۆلەی ئێسك سووکن

بزێون ، بێ سرەوتن
کەوتونەتە قونە قون

وەکوو پەپوولەی سەرگوڵ
خۆشی ئەنۆشن بەکوڵ

ئائەم گوڵە ئاڵانە
لەم باخچەی مناڵانە

بۆ نەورۆزو بەهاری
خەریکن لەگەڵ یاری



# هەنگ



ئەی هەنگی ویزەخۆشم
وەکوو تۆتێ ئەگۆشم

چاوم لەتۆیە وردی
ئای چەن بەدەستو بردی

جێی سەخت ئەدۆزیتەوە
هەڵاڵە ئەچنیتەوە

شانەی جوان هەڵ ئەبەستی
ئینجا هیچ ڕاناوەستی

خێرا ئەفڕی گورجو گۆڵ
بۆ ناو شاخو دەشتو چۆڵ

شیلەو هەڵاڵەی بۆن خۆش
ئەکەی بە هەنگوینی نۆش

منیش ئەی هەنگ وەکوتۆ
ڕەنجم گرتۆتە ئەستۆ

بەرەو ئامانجی شیرین
شیرین ترە لە هەنگوین

هەواڵنامەی کتێب

# سروودی من

ئەگەر چی من منداڵم
تەمەن هەشت نۆ دە ساڵم
لە شوێن پەروەردەو زانین
بەدڵ وێڵو عەوداڵم



بۆ گولێ باخچەی زانین
وەك پەپوولەی باڵ نەخشین
بێ ئارامو سرەوتم
ئارەق ئەڕێژم چین چین

ئا ئەم دڵو دەروونە
تینووی ئاوی فێر بوونە
خۆزگەی ڕۆژو شەوانم
تێگەیینو دەر چوونە

بەڕەنجی بێ سنوورم
ئەپێوم ڕێگای دوورم
بە کۆششی ئەمڕۆ ما
لەدوا ڕۆژ پشت ئەستورم

هەواڵنامەی کتێب

# پەروەردەی باخچە

من وەك ئەم گوڵە باخەم
پەروەردەی ناوئەم باخەم

چۆلەکەم ، ئەجریوێنم
یاری ئەکەم ، ئەخوێنم



پەپوولەی ڕەنگاو ڕەنگم
وێڵی باخچەی قەشەنگم

بەرخۆلەی گورجو گۆڵم
لەش ساغو توندو تۆڵم

کەروێشکی خنجیلانەم
ئەم باخچە خۆشەشلانەم

کۆتری باڵ سپیو پاکم
جل خاوێنو دڵپاکم

قسەم وەك شەکرە سێوە
دوور لە شەڕەجنێوە

قەدری باخچەم ئەزانم
وەك نرخی گەورەکانم

وەکوو گلێنەی چاوم
وا پەروەردە کراوم

هەواڵنامەی کتێب

# باخچەکەمان

باخچەکەمان دڵگیرە
جێگای منالی ژیرە



ئەوەی ژیرو خاوێنە
تیا دیارە وەك ئاوێنە

ئەم باخە ، ئەم بەهەشتە
جێی پەروەردەو ڕەوشتە

بۆ ئـەم جگەر گۆشـــانـە
خـەرێـکی تێکۆشـــــانە

تـا وێڵی جـوان فێربن
لــە ئـامۆژگـاری تێربن

دەمو دەســـــتو دڵ پاك بن
هـەر لـە ئێستاوە چاك بن

بـە دڵێ مامۆســــــتابن
بـۆیـەك خوشـكو برابـن

بـەگیـانی یـارمـەتی دان
گۆشـــیان ئەكەن بۆ ژیان

بـە دڵسـۆزی باخچەو ماڵ
پـەروەردە ئـەكرێ منـاڵ

هەولێرنامەی کتێب

# پشیلە سوورە

پشیلە سوورە ! خت ، خت
بۆ خۆت لێ کردووم بەشت



ئەی خاوەن چرنووکو قەب !
لەتۆ نایە گاڵتەو گەپ

برۆ میاو میاوی چیتە !
سەر زلەی سمێڵ قیتە

ئەی چاو بزەی چاو شینە
دڵم لە تۆ بەقینە :

چاوم لە تۆ بوو دوێنێ
وەکوو چەقەڵ لە شوێنێ

بەو دەستو پێ چەپەڵە
کەوتیتە شوێن جووجەڵە

جووجەڵەی جوانو خڕپن
وەك من بچکۆلەو گووپن

لاچۆ برۆ لە بەر چاو
ئەی کەتن کەری گڵاو

هەواڵنامەی کتێب

# چۆلەکە



چۆلەکەی سەر گوێسوانە
چەن بچکۆلەو چەن جوانە

چەن دڵگیرو ئێسک سووک
پووش هەڵ ئەگرێ بە دەنووک

بۆ بێچووی خنجیلانە
هەڵ ئەبەستێ هێلانە

بۆ بێچووی زەڕنە قووتە
بێ پەڕ کەڕووتو قووتە

ئای ئای واچاوم لێیە
دایکەکە دانی پێیە

بیچووەکەی بە قونە قون
جووك جووك ئەڵێ : بەشی من

دەمی بۆئەکاتەوە
دایکە دێو ئەڕواتەوە

کە هاتەوە ئەیگاتێ
تێر تێر دانی ئەداتێ

ئای ئای لەو سەیرە خۆشە
دایکە چەن بە پەرۆشە

بێچووی فێری فڕین کا
گەشتی ئاسمانی شین کا

هەواڵنامەی کتێب

# بەرخەکەم

ئەی بەرخۆڵەی چاو ڕەشم
ڕاکە بۆ ناو باوەشم

وەرە بباعێنە بۆم
ئای چەندە هۆگری تۆم



لامل هەڵسوو لە ملم
ئەی بەرخی چاو بەکلم

سـەوزەگیـا ئەهێنم بـۆت
ئـەی نـازداری دایـکی خـۆت

دەبـا منو تـۆ بـۆ گەشـت
بـەهـار ڕووبکەینـە دەشـت

من ئـەبـم بەشـوانی تـۆ
تۆش سەوزەگیـای ورد بخـۆ

خۆشـە ئـەو قـەراخ شـارە
تـا ئـەگـەینـە ئێـوارە

جـا وەك شـنەی بـای شـەماڵ
بـاڵ ئـەگرینـەوە بـۆ مـاڵ

# تۆپەکەم

ئەی تۆپەکەم ! ئەی تۆپـەکـەم !
هەر یاری لەگـەڵ تۆ ئـەکـەم

تۆم خۆش ئەوێ ، تـۆ هـاوڕێمی
جووڵێنـەری دەســـتو پێمی



بـۆ ئـەو ئاسمانە ، ئـەم ئـەرزە
دەی هــەڵبــەزە ، دەی دابــەزە

بـە بـەر چاومـا وەرەو بـڕۆ
منیش بکەومـە شــوێنی تـۆ

تــا ئــەتوانی دڵــم خۆش کــە
حــەزو ئارەزووم بە جۆش کــە

بە تــۆ شــادو سەربەست ئەبم
کــە تۆم لێون بی پەســــت ئەبم

جێم مەهێــڵە ، لــەگــەڵ من بــە
هــەوێنی یــاری کــردن بـــە

# پەپوولە

ئەی پەپوولەی ناوباخان !
ئەی وێڵی دەشتو شاخان



باڵ بچکۆلەی باڵ نەخشین
بە باڵو پێ با بفرین :

بۆ ڕەزو باخو دێبەر
تۆ بۆ سەردار من سێبەر

بۆ گوێ چەمو سەرکانی
سەرچاوەی سیحرو جوانی

بۆ لای گوڵی زەردو سوور
بۆن خۆشی نزیكو دوور

بۆ سەر سەوزە گیای تازە
دنیای پڕ لە ئاوازە

دەشتی پڕ جریوەی مەل
باڵداری سەرلقو پەل

پەپوولەی خۆشەویستم !
منیش وەك تۆ یەهەستم

بم بە بۆ ئەو بەهەشتە
دڵم هۆگری گەشتە

# عەبەخەو خۆش

مەرحەبا عەبەخەو خۆش !
ئەی بە دەردی خەو نەخۆش

هەر چەن ئەبینم نوستووی
زۆر نووستن پەکی خستووی



ئەوە چیتە خەو پەرست
خەوجێ نایەلی بەبست

ئەگەر ڕۆژە ، ئەگەر شەو
دەستت کردۆتە مل خەو

هەڵسە وازی لێ بێنە
لە سەرجێگا مەمێنە

هەر دەمەو بەیانی زوو
لەگەڵ تیشکی خۆر دەرچوو

جوان دەمو چاوت بشۆ
جلت بگۆڕەو بڕۆ

لەپاش وەرزش‌و خواردن
بەرەو مەکتەب‌و خوێندن

ئەرکی وەزیفەی سەرشان
بێنە دی بە تێکۆشان

بۆ تەمەڵ‌و خەواڵوو
نایەتە دی ئارەزوو

دوا ڕژی ڕووناك‌و خۆش
ئەبێ بەخەوێکی خۆش

بەڵام ئەوەی ماندووە
پاشە ڕۆژی زیندووە

# چەن خۆشە

ئای ئای چەن خۆشە مناڵ
کەمتەرخەم نەبێو پاتاڵ



کە هەڵسا بەیانی زوو
بشوا دەستو قاچو ڕوو

بە شێنەیی‌و بە وچان
ناشتا بکا نۆشی گیان

بەرگی مەکتەب لەبەرکا
خۆی ئامادەی سەفەرکا



هەر خوێندن بێ مەبەستی
تا ئەکەوێتە دەستی

هەر کە هاتەوە بۆ ماڵ
وەکوو سروەی بای شەماڵ

جل دانێ لەشوێنی خۆی
بەیانی نەگەڕێ بۆی

نەگەڕێ کونو قوژبن
بڵێ: کوا گۆرەوی من

کـوا دەســـتە سرەکەی خـۆم
کوانێ بـۆ ڕانـــاکـــا بـۆم

کـوا جانطام ؟ کـوا دەفتـەرم ؟
وا خـەریـکە شـــەق بـەرم ،

ئـەی پانتۆلم لـــە کـوێـیـە ؟
بـۆ لـــە چاکـــەتم جـۆێـیـە ؟

بۆ ئـەگـری چی قـەومـــاوە ؟
وەزیفـــەم لـــە ســـەرمـاوە

هـــــەر منـــاڵێ وریـــابێ
دیـارە پیشـــــەی وانـــابێ

ئـــەوەی زیـــرەکو زیتـــــە
دوا ڕۆژی قنـــجو قیتـــــــە

# گدی گدی

گـــدی گـــدی کـــارەکـــەم
کـارژۆلـــە نـازدارەکـــــەم
ئـەی گویّ قوتەی بەسـزمان !
بانگت ئـەکـەم کارە گیـــان !
ئـەی زیتـەڵـەی چـاو کـەژاڵ
خۆشــەویستمی بـە ســـاڵ



گـــدی گـــدی کـــارەکـــەم
پـەروەردەی بـەهـــارەکـــەم

هەر کـە هاتمە دەر لـە ژوور
بـۆم ببـــاعێنـــە لـــە دوور
منیش بـــۆت ئـــەبـــاعێنـــم
وەك تـۆ قـــۆچ ئـەوەشـێنم
بـۆنـم کـــە بـەمشـــەمش
بـەرگـەکـەم تـەڕ ئەبێ چش

گـــدی گـــدی کـــارەکـــەم
ڕاکـــە بـــۆ هـــەوارەکـــەم

بـــە گـــوێتـــا ئـــەچرپێنـــم
منیش گـورگ ئـەبوغـزێنـم
چـــارەی چـەقـــەڵـم نـــاوێ
کـەڵبـەی لـــە تـۆ ئەسـاوێ
ئـــەوی بـــە تـۆ دوژمنـــە
دیـــــارە نـاحـەزی منـــە

گـــدی گـــدی کـــارەکـــەم
وەرە بـــۆ ســـەر شـــارەکەم

# سیولا لاری

سـیولالاری ، سـیولالاری
بـۆ ئـەوەنـدە چـەوتو لاری

ڕێی ڕاستبگرە ، ڕاسـتی خۆشە
مایـەی خوارو خێچی بۆشـە



هەرچی کەس پیشەی درۆیە
نائومێدو ڕەنجە ڕۆیە

درۆزن کەس خۆشی ناوێ
کەس هۆگری نابێ تاوێ

خەڵك بەخۆی بێ بڕوا ئەکا
چۆنکە جارێ ناشتا ئەکا

بەڵام ئەوەی کە ڕاست گۆیە
لەسەر چاوی منو تۆیە

نرخی هەیە ، سەنگی هەیە
لەناو ناوا دەنگی هەیە

گفتو گۆی شوێنی بڕوایە
وەکوو نەخشی سەر بەرد وایە

درۆزن بە چاوو ڕاوە
بەڵێنی بلقی سەر ئاوە

خاوەن درۆبی کە نەفتی
( ڕاستی رەفتی ، چەفتی کەفتی )

سیولالاری ، سیولالاری
ڕاستیم ئەوێ ، نەوەك لاری

# خۆزگە



دایە ! دایە ! بەم چەشنە
هەموو ساڵێ هەر جەژنە
منداڵەو خۆی گۆڕیوە
ئاڵاو واڵای پۆشیوە
وەکوو گوڵی دەشتو کێو
بزەی کەوتۆتە سەرلێو

پۆل پۆلو دەستە دەستە
هەر دەستەو لەناو دەستە
جەژنو جەژنانەو خۆشی
لادێو شاری داپۆشی
شەپۆلی خۆشیو شادی
تەوقەو گەردن ئازادی
دیاری هێناوە جەژن
بۆ منداڵو بۆ مەزن
جەژنم بۆیە پێ خۆشە
هەموو کەس دڵی خۆشە
خوشەویستی ئەهێنێ
تۆوی ئاشتی ئەچێنێ
خۆزگە تەمەنو ژیان
جەژن ئەبوو دایە گیان !

# مریشکە ڕەشە



مریشــکە ڕەشە ! کش کش
بۆ کلكو بــاڵ ئەکەی فش

بۆ شەڕ ئەکــەی لەگــەڵ من
دایکــی جووجــەڵەی خــرپن

هــەر کـــەتـۆ ئـەقرتێنی
خۆشیو شـــادیم بۆ دێنی

دیمەنێــکی : ســـیحراوی
جووچـك دەورەیـــان داوی

جـار جاره رۆژبێ یاشـــەو
بـۆ حەســـانەوەو بۆ خەو

کـەتۆ وچـانێ ئـەگـــری
هـەر دوو بالّت ڕائەگـــری

جوچکەکان دێنـە ژێـر باڵ
لـە ترسی پشـــیلەو داڵ

ئـەی هۆگری چینەو خـۆڵ
پاســـەوانی گورجو گـــۆڵ

منیش دڵســــۆزێکی تـۆم
ئـۆ بـاڵی تـۆ بـە ئەستۆم

ئـەی مری خۆشـەویستم !
لـە ڕاستت خاوەن هەســتم

# دیسان باخچە

باخچەکەمان پڕگوڵە
ڕۆشن کەرەوەی دڵە

لەبەر چاوی منو تۆ
چەن جوانە خونچەو چرۆ



لە باخچەی منداڵانا
لە حەوشەو لەداڵانا

لە ژووری پاکو خۆشا
باخچەی ناوچیمەن پۆشا

لەناو ئینجانەی جوانا
پەروەردەی باخەوانا

باخچەی دڵگیرو ڕەنگین
بەهارێکە : زۆر شیرین

بۆ بەهەشتی منالآن
نەپاییزەو نەزستان

پڕ لەگوڵو گوڵزارە
هەر چوار وەرزی بەهارە

# دەمەتەقێیەك

| |
|---|
| هاوین |

| |
|---|
| پاییز |

| |
|---|
| زستان |

| |
|---|
| بەهار |

## ١ ـ هاوین :

من هـاوینـم ، هـاوینم
تیشـکی خـۆری زێـڕینم



خـاوەن سـێبەری خۆشـم
هـەر ئاوی سارد ئەنۆشـم

میـوەی زۆرم لـەلایـە
خـەرمـانم لـەبـەر بـایـە

وەرزێـکی بـێ ئـازارم
جـلو بـەرگی هـەژارم

کـەمـن دەرکـەوتم تـاوێ
کـەس لێفـەوبـەڕەی ناوێ

## ٢ ـ پاییز :

پاییزم ، وەرزی چاکم
لە ناو ئێوەدا تاکم



منم باران ئەهێنم
تۆوی زۆر دائەچێنم

باران زۆر ئەبارێنم
تا کاتی پەڵە دێنم

ئاوی کانی زۆر ئەکەم
وەك ئاڵتونە گەڵاکەم

کە دێمو ئەڕۆمەوە
رووی زەوی ئەشۆمەوە

### ٣ ـ زستان :



نەخێر من کە زستانم
گەورەی سێ وەرزەکانم

بەوەیشومەو بە سەرما
کێ خۆی ئەگرێ لەبەرما

بە دەستەڵاتی زۆرم
ئاو بەسەهۆڵ ئەگۆڕم

من بە کلووی بەفرەکەم
کەژو کێو دروست ئەکەم

لە لادێ بم ، یا لەشار
سڕ ئەکەم دوپشکو مار

## ٤ ـ بەهار :

بەهارم شای وەرزانم
مل شکێنی زستانم

باخچەی جوانی سروشتم
بڕوانە دەورو پشتم



هاژەی قەڵبەزەی ئاوم
رووناکییە بۆ چاوم

وەرزی سەیرانو گەشتم
لە شاخو کێوو دەشتم

هەر خۆم خاوەن نەورۆزم
جەژنی کوردی پیرۆزم

# پەیڕەو

ئەگەر چی لەپۆلی یەکم
قوتابی‌یەکی زیرەکم

وەکو کەروێشك بە قونە قون
ئەچم بۆ قوتابخانە من



لەگەڵ ئەمو ئەو شەر ناکەم
بە هاوڕێکانم گەڕ ناکەم

کاتی خۆم بەفیڕۆ نادەم
بۆ وانەکانم ئامادەم

بۆ مامۆســـتا گوێ ڕایەڵم
بەچاوو گوێو مێشکو دڵم

ئـەرکی ڕۆژانەی وانـەکەم
وەك ئاوو دۆ ڕەوان ئـەکەم

گوێی وەڵام دانەوەم سوکە
بەڵگەیشـم پەنجەی بچوکـە

خۆم خاوێنـم ، بـەرگم پاکە
هانینۆکـم تـەمـاشـــاکە

دەستە ســـڕم لە گیرفانـە
ڕۆژ نیە قـژ نەکـەم شانە

هەر چەن بەرەو ماڵ ئەبمەوە
دوا نـاکـەوم ، زوو ئەچمەوە

دەستو دەمو چاوم ئەشۆم
خۆم ئەگۆڕم ، نـانـم ئەخۆم

ســەر خەوێکی بۆ ئەشکێنم
ئنجـا ئـەرکـم بەجێ دێنـم

بۆ ئەم پەیڕەوە مـل کـەچم
تـاکو شـێرانـە دەرئـەچم

# خۆزگە

من منـــاڵم ، من منـــالم .....
بەپێی تەمەن شەش حەوت ساڵم

هەستو هۆشـــم پاکو بەرزە
وەك شـــوێنی بـــارانو تەرزە



دڵـم بـە چەشـنی ئـاوێنـە
سـپیو ڕوونـاکو خـاوێنـە

نـاخی دەرونـــم بێ گـــەردە
ئـەڵێی نێرگسی نـاو هـەردە

ئـەوەی پێی ئـەڵێن رقو قین
نـازانـم چـۆنن ، یـاخـو چین

شـەڕو درۆو بوختـانو جوێن
نـازانم کێنو خـەڵقی کـوێـن

پەپوولەم حەز بە گەشت ئەکەم
ئـارەزوی دەرو دەشت ئەکـەم

وەکوو هەنگ حـەز بەشاخ ئەکەم
تاسـەی بۆنی گوڵبـاخ ئەکـەم

پـەســـتم بـە بینینی داوێ
چـارەی ئـازار دانـم نـاوێ

خۆزگـە هەمو گیان لـەبـەرێ
ڕێـگای منی ئـەکـرد بـەرێ

# ڕەشەبا

بابە ! دایە ! ..
بێزارم لەم ڕەشە بایە
هەر کە خاکو خۆڵ ئەبارێ
لەتاوا چاوم هەڵنایە
کە ئەچم بۆ قوتابخانە
هەنگاو هەنگاو لەگەڵمایە
ئای کە زوخاوی ڕەشەبا
داخی زۆری لە دڵمایە
دەمێکە ئەم شارە خۆشە
بەم دەردەوە موبتەلایە
کەسم نەدی چارەی بوێ
نازانم بۆ دوایی نایە
نەك هەر چاوو گوێ بێزارن
لەدەس وژەی ئەم بەڵایە
گوڵی گەشی باخچە زیاتر
دڵێ پڕ لە سکاڵایە
لە باتی ئەم ڕەشەبایە
بۆ شنەی شەماڵێ نایە ؟!

# مێرووله‌یه‌ك



ڕۆژێکی به‌هار ده‌مه‌و به‌یانی
مێروله‌یه‌کم دی له‌سه‌رکانی

به‌تاقی ته‌نیا له‌و قه‌راخ ئاوه
چنگی له پارچه نانێ ئالاوه

بۆ ئه‌وه‌ی بیبا به‌ره‌و شاره‌که‌ی
گه‌رچی گران بو سه‌نگی باره‌که‌ی

منیش بۆ ئه‌وه‌ی تاقی که‌مه‌وه
به‌ردێکم هه‌ڵگرت له‌به‌ر ده‌مه‌وه

نامــه سەر پشتی پارچە نانەکــەی
نەیتوانی بیبــا بۆ هێلانــەکەی

ئینجا نانەکەی بە جێهێشت، ناچار
ملی ڕێگەی گرت، ڕۆیی بەرەو خوار

ئەوەندەم زانی دە پانــزە مێرو
لەسەر ئــەو پارچە نانە پەیــا بوو

لەگــەڵ یەکترا زۆر بە ئاسانی
نانی ژێر بەردیان خێرا دەرهانی

تومەز مێرولەی یەکەم کــەزانی
بە تەنها سەختە ئەرکی سەرشانی

چو هاواری برد بــۆ هاوڕێ یــانی
بێن بۆی لابــەرن بەردی سەرنانی

بەم جۆرە ژیریو ڕێی یارمەتیدان
هیوای مێرولەی بە ئامانج گەیان

# بەزەیی

جار جار بۆیە مات و پەستم
وەك پەڕەی گوڵ وایە هەستم



هەژارێ بێتە بەر چاوم
بڕوانە دڵی گریاوم

یان دیمەنی لێ قەوماوێ
ڕام ئەماڵێ بۆ گێژداوێ

ئێجگار ڕەنگ زەردی هەتیوێ
ئاخو داخی خێر نەدیوێ

هەناسەی وام پێ ئەبەخشێ
تا ناخی دەرونم ئەکشێ

بەسەرما ببینم ڕوتێ
بەسۆز گیانم بۆی ئەسوتێ

خواستو خۆزگەی دڵم وایە
چاوم ئەمانەی نەدیایە

چەن خۆش ئەبو باخچەی ژیان
گەشەی نەشێوێنێ گریان

# لە نێوان شارستانی و لادێ دا

گەلاوێژ :

ژیانی شاری خۆشە
وەرە شادی بنۆشە



سەیری ئەم عەشاماتە
هەزار قاتی دیهاتە

کۆشکی دڵگیرو بەرزە
بەینی ئاسمانو ئەرزە

جادەی پـانو قـیرتاوە
ئـەڵێی تـوڕی نەخشـاوە

ڕۆژو شـەو وەك یەك وایە
ڕوونـاکی کـارەبـایـە

هەر چیت ئـەوێ فەنتازی
دەسـت ئەکەوێ بەسـازی

**پیرۆز :**

نـەخێر خۆشـی لـەدێیە
لای ئێـوە کێ بـەکێیـە ؟



کش‌و ماتی ئەم ناوە
نادەم بەو ژاوە ژاوە
دیمەنی دێ دڵگیرە
ئاوەکەی چۆڕێ شیرە
هەواکەی ساز گارە
بەهەشتی یادگارە
ئەو دیمەنەی من هەمە
لای تۆ دەگمەن‌و کەمە
سەد کۆشك‌و جادەی قیرتاو
نادەم بە قومێ بەفراو

**کامەران :**



ئـەوە ئێـوە ئـەڵێن چی ؟
خۆشی شارسـتان کی دی ؟
بڕوانـن مزگـەوتی زۆر
قوتابخـانەی جۆر بە جـۆر
سـینەماو تەلـەفیزیون
کـارگەو یانەو ئوکوردیون
ژاوە ژاوی جمو جـوڵ
ئـەتـارینی خـەوی قـووڵ
دانـە وێـلەی عـەمـارم
پـڕ ئـەکـا ورگی شارم
بـازاڕی سـەوزەو میـوە
گـوزەری کـەس نـە دیـوە

حەمەتاڵ :

ئێمە سـەر چاوەی شارین
چونکە ڕۆڵـەی جوتیـارین
مزگـەوتو قوتـابخـانـە
لای ئێمەش هەیە گیـانـە



لــه بـاتی تـه‌لـه‌فـزیۆن
ئێمه‌ش هـه‌مـانـه ڕادیۆن
دانـه وێڵه‌ی نـاو عـه‌مـار
ڕه‌نجـی ئێمـــه دای به‌شــار
سـه‌وزه‌و میوه‌ی ناوگوزه‌ر
ئێمـه هێنـامـانـه بـه‌ر

**کــاوه :**

ئێــوه‌ش ئـه‌بێ بـزانــن
قـــه‌رزاری شـــارســـتانن
مـه‌کینـــه‌ی جووت‌و دره‌و
کێ ناردی بـۆ ئـه‌م‌و ئـه‌و
شـه‌کرو چاو قوماش‌و چیت
شاری نه‌بوو بۆی ناردیت ؟



یــان تیشــکی خوێندەواری
کێ بۆی هێنـــان بەدیاری ؟
یـــا بـــە هێــزی کـــارەبـــا
کێ تـــاریــکی لائـــەبـــا ؟
ئـەوانـــە ئێمـــەی شـــارین
گورجو گـــۆڵو بـــەکـــارین

**هەموو پێکەوە :**

کــەواتـــە شــــــارو لادێ
پێـــکەوە بوونـــــە هـــاوڕێ



تا بمێنێ ڕۆژو شەو
ئەم هەڵ ناکابەبێ ئەو
هەر پێکەوە دوو بەدوو
بەرەو ئاواتی زیندوو
ئەڕۆین بۆ کامەرانی :
لادێو شارستانی

# له دارستانیکدا

## ١ ـ کوونده پەپوو

کوندە پەپووم ئەخوێنم
هەر کەلاوەیە شوێنم
دۆستی کۆنی وێرانیم
دوژمنی ئاوەدانیم



بەتیشکی ڕۆژ زۆر پەستم
تاریکیی ئەپەرستم
با پێم بڵێن ڕۆژ کوێرە
بەشەو دەنگم دلێرە

وەکوو تاق تاق کەرەی شەو
نابێ چاو بچێتە خەو
تــا بەیانی پەپوومە
بابڵێن دەنگی شوومە
خۆزگە هەموو ئەم ناوە
ڕێك ئەبوو بە کەلاوە
ئەوســا بڕوانە بــەختم
خۆمو دەماخی تەختم

## ٢ ـ بایەقوش

منیش پەپوو گیان ! وەك تۆ
شـەرم گرتۆ تەئەسـتۆ



بایـە قوشم ، شمڵی شەڕ
شـەیتانی گێچەڵو گەڕ
ئەمبینن لە هەرجێ‌یە
ئەڵێن کـە تنێکی پێ‌یە

جار جارە کە ئەقرِێنم
دنیایەك بــە قرِ دێنم
کە ئەخوێنم ئەو کاتە
ئەڵێن دیســان نەهاتە
خوێن‌و ئاگر ئەبینم
خۆشی ئــەدا بەژینم
مەلێکی ناهــەموارم
بە چاوی خێل خوارم
من‌و پەپوو یەك خێڵێن
لەشــوێن خراپە وێڵێن

## ٣ ـ داڵی کەرخۆر

منیش داڵی کەر خۆرم
بــە پەڕوباڵی بۆرم
بەپێو پلی تووکنم
پیس خۆرێکی نەوسنم
ئەڵێی گیسکی باڵدارم
شــێتی لاکی مردارم



سەرەنوێلك جێــگامە
جێ گەشتو سەیرانگامە

خۆزگە شەڕو گرانی
مردووی زۆری ئەهانی
ئەوسـا وورگی برسی‌من
هەمووی ئەهێنا لـەبن
ئینتە لاشم ئەکرد ، چش
نە ئەفڕیم پێم بڵێن کش
وا قورس‌و سەنگین ئەبووم
نزیکی تەقین ئەبووم

## ٤ ـ بــاز

هەموو ئەمناسن بــازم
بەهێزی خــۆم ئەنازم



ئەوەیــان بەمن ئەسپارد
کەوا پاشام هەڵئە بژارد

من بێ وێنــەم لــە ڕاوا
کێ هاوتــامە لە ناوا

بڕوانە شەڕو شۆڕم
نێچیری زۆری گۆڕم

هەڵۆ نەبێ بــە کــارە
هەرچی توخمی باڵــدارە

بەپەڕێکی ئــەزانــم
لەچەقی ڕێگەو بــانم

پەپووو بایەقوشی زۆر
بەدەستە دالێ کەرخۆر

کەمن و هەڵۆ یەك بین
ئەو گیزەی مێشانەچین ؟

## ٥ ـ هەڵۆ



منیش هەڵۆی کوێستانم
پەروەردەی کوردستانم
هێلانەم کێوی بەرزە
ناحەز ئەخەمە لەرزە
رۆژو شەو لە پارێزم
ئاشتیو حەق ئەپارێزم

هەتاکو من بمێنم
قیرە تیرِ ئەتاسێنم
سووتووی بایەقووش‌و داڵ
ئەکەین بە گەردی شەماڵ
لەگەڵ بازا دوو بە دوو
کپ ئەکەین دەنگی پەڕوو
ئەوسا ئەم دارستانە
کە چۆڵ کرا لەوانە
بەسێبەری خەست‌و خۆڵ
دا ئەپۆشێ شاخ‌و چۆڵ

بەستەی بەتوێکڵ :ـ

# ئەی کەو!

کەوی قاچو دەنووك سوور !
دەی بۆم بخوێنە لە دوور



بەو قاقبە خۆشە
ئاوازم پێ بنۆشە

دەی بدە لە شەققەی باڵ
گەردن پڕ لەمیلو خاڵ

ئەی بەر بووی داوی قەفەس
هەر بفڕەو بخوێنە بەس

چینە بکە لە خۆڵا
سەربەست لە دەشتو چۆڵا

هەڵبەستە بەوریایی
هێلانەی دڵنیایی

تەنها مرۆڤی دڵ ڕەق
بە تۆی خاوەن قەقبەقەق

ئەڵێ : باڵداری خۆ خۆر
بە داوی خوێندنی زۆر

بەوەی تۆ هاوجنسی خۆت
ئەخەیتە ناو بەندی کۆت

نەء ، دەستو پەنجەی نیشان
خوێنی تۆ ئەدا نیشان

راوکەری پشت دێو جامە
تۆی کرد بەداشی دامە

ئەگینا کەوی دڵسۆز
باڵدارێکی زۆر پیرۆز

# دایە گیان

ئـای دایـە گیـان ! لافاوە
لێزمـەی بـاران بـە تـاوە

بـاران‌و تـــەرزە زۆرە
دێنـــە خـــوارێ بـەنـۆرە



هـــەموو ئـــەم نـاوە نـاوە
وەك بـەلـەم لەسـەر ئاوە

ئاســـمان هەورێکی ڕەشە
لـە ڕوونـاکی بێ بەشـــە

هەر گرمەو ناڵە ناڵە
نەبڕایەوە ئەم حاڵە

بەبروسکەو چەخماخە
سووتا ئەو شاخو داخە

باران زۆر دێتە خوارێ
مەرگی لەگەڵ ئەبارێ

ئەم پاییزو زستانە
هەر بەفرەو هەر بارانە

هەر تەرزەی دەنك زلە
پێش گەیشتنی چلە

دایە گیان ! دڵم پەستە
هەروەکو ماران گەستە

لە خشەی مێروو ئەترسم
هەزار پرسیار ئەپرسم

وەڵامێکی وام ئەوێ
نەورۆزی تیا دەرکەوێ

زەردەخەنەی لیوی ئاڵ
گەشە بدا بە مناڵ

تا وەك چۆلەکەی سەردار
بجریوێنێ بۆ بەهار

# حەفتانە

شەممە : هەر چەن بخوێنم کەمە
١ شەممە : خوێندن نادەم بە گەمە
٢ شەممە : مەکتەب گوێ‌و چاوودەمە
٣ شەممە : خوێندەواری ڕێگەمە
٤ شەممە : ڕەوشتی جوان پیشەمە
٥ شەممە : نەزانین هەورو تەمە
هەینی : تەمەڵ زۆرکوێرە زەینی



**لە فولكلۆری كوردی‌یەوە**

# دووپشك و كیسەڵ

**دووپشك :**

كیسەڵ سواری پشتم كە
فێری ئاوو گەشتم كە



چی بكەم نەنكم لەم ناوە
ماڵیان لەو بەری ئاوە

قەزات كەوێ لە گیانم
من هیچ مەلە نازانم

هەر بەوشکانی فێرم
من هیچ بە ئاو ناوێرم

گەرچی دووپشکم ناوە
چاکەی تۆم لەبەر چاوە

هەتا ئەو ڕۆژەی دەمرم
قەزات کەوێ لە عەمرم

کیسەڵ :

ئەی دووپشکی گلاراو
ناتکەمە کۆڵ لەناو ئاو



بەڵێنی تۆ درۆیە
بۆ تەفرەو دەسخەرۆیە
خاوەن چزووی وەك سووژن
تۆ راستت کوا درۆزن ؟
دەرفەت لە هەرچی بێنی
چزەی لێهەڵ ئەستێنی
هەرچی کەوا گیاندارە
لە چارەی تۆ بێزارە

**دووپشك :**

کیسەڵ بەچیت بڕوایە
تەنها قسەم لە دوایە



خۆم ئەزانم چەن چاکم
وەکوو ئاوی شەو پاکم
چزووە چاوو هێزم
خۆمی پێ ئەپارێزم
لە جنسی مارو موورم
لە دەست درێژی دوورم
ناوم بە بەد زڕاوە
پەردەی شەرمم دڕاوە
هەڵسە تاقیم کەرەوە
بمبە بۆ ئەو بەرەوە

کیسەڵ :

باشە وەرە سەر کۆڵم
سەر کۆڵی ( نەرمو نۆڵم )

لەبەر نەنکت بە سەر چاو
ئەتبەمە ئەو بەری ئاو

تاقی ئەکەمەوە تۆ
دەرکەوێ راستیو درۆ

زۆر حەز ئەکەم راستگۆبی
تۆش دوژمنی درۆبی

فەرموو دوپشکە زەردە
سەر ئەم پشتەوەك بەردە

دووپشك :

چەن خۆشە گەشتی ناو ئاو
بەسواری کیسەڵی خاو

ئەی چزوو خۆت بنوێنە
چزەی لێ هەڵ بسێنە

کیسەڵ بمرێ لە تاوا
بەڵێن بدە بە ئاوا

وەك یەكە راستیو درۆ
جیاوازی كوا لەلای تۆ

با لەسەر چز بێ چزوو
دەی ژەهر بڕژێنە زوو

**كیسەڵ :**

ئەی دووپشكی درۆزن
پشتم رەقە وەك ئاسن

چزوو كاری لێ ناكا
ژەهری پیسی تێ ناكا

ئەی بەد كاری بێ وێنە
رەوشتی خۆت بنوێنە

وا خۆم رائەوەشێنم
لە ئاوا ئەتخنكێنم

ئەبێ مردار بیتەوە
سزا وەر بگریتەوە

ئەی دووپشكە بێ هۆشە
بمرە جێگاكەت خۆشە

# شانازی

زەوی :

گـەر نـامنـاسـن زەمینم
منم سـەرچـاوەی ژینم



چی لـە دنیـادا هـەیـە
لـەم سەر شـانو پشـتەیە
مرۆڤ ، ئـاژەڵ ، کشتوکاڵ
وشكو تەڕ ، باڵدار ، بێ باڵ
هێـلانەیـان هـەر منـم
منـم ، منـم ، هـەر منـم
هۆی ژیـانی ئینسـانم
هەمووی وا لـە سەرشانم

خۆر :

رۆڵە بەخۆت مەنازە
گوێ ناگرم لەم رازە
من لە پێشی تۆوە بووم
تەماشا کە رابوردووم



گەرتیشکی من نەبوایە
دنیا تاریکی دایە
هەرچی پێی ئەڵێن : ژیان
بێ ناز ئەبوو ، بەبێ گیان

**هـەوا :**

ئـەوە بۆ لــە خـۆ بایین
قســەکان لــە بـۆ شایین
گـوایـە نـازانن کـــەوا
ژیـــان نابێ بێ هـــەوا
بەبێ هــــەوا هـەڵمژیـن
مردنێـکی رووتـــە ژیـن
سـەرچـاوەی ئـەم ژیـانـە
هـەوایـە ، هـەوا ، گیـانـە
بوونی ئێـوە ، بـەبێ مـن
هـەموو پێی ئـەڵێن : مردن
منـم ژیـــان ئەبەخشـــم
کـەواتـە خـۆم لەپێشـــم

## ئـاو :



گیـانـە هەر کەسـێ ژیر بێ
ئـەبێ منی لـــە بـیر بێ
ئـەبێ بـزانێ کـــە ئـاو
زۆر پێویسـت ترە لـەچاو
بەبێ گـەوهـــەری بوونم
ژیـــان ئـەڵێ : نـەبوونم
هەرچی ئـــەژیو ژیـــاوە
بـەمـن گـــەشو پـــاراوە
لـەم زەمینـــە بـەرینـە
هەر ئـاو سـەرچاوەی ژینە

**ئاگر :**

هەموو خەیاڵتان خاوە
ئاگر مەخەنە لاوە



من گەرمایی ئەهێنم
بەستەڵەك ئەتاوێنم
سەرماو سۆڵەو كرێوە
ئەتارێنم لە ئێوە
ئەگەر من نەبم بەساڵ
كێ پێی ئەخورێ گۆشتی كاڵ
كێیە ، كێ ، خۆراكی خۆش
بێ بوونی من ئەكا نۆش

**ئـاژەڵ :**

ئـەوە چیتـــــا نـەبـرا
بۆچی ئـــەیکەن بـەهـــەرا
شـیرو ماستو گۆشتی کێ
خـۆراکێـکی لێ پێـــك دێ



بۆ مـرۆڤ هـۆی ژیـانـە
لـەم ژێـر سایەی ئاسمانە
بەخوریو مـوو بەپێســـتم
هۆی زۆر کـاری پێویســتم
بڕوانـــەرە ســـامـانم
کـــە هۆی ژینی ئینسـانم

رووەك :



حەی حەی لەم زمانانە
کەوتوونە ئەم قسانە

نازانن ئێمە مانان
بۆ هەموو گیان لە بەران

سەرچاوەی خێرو خۆشین
بەرهەمی کردو کۆشین

بەبێ من کوا کێ هەیە
بژی لەم هێلانەیە

هەرچی ئادەمیزادە
برسیی خۆراکو زادە

جگە لە کەڵکی زۆرم
لە سوودی جۆر بەجۆرم

**مرۆڤ :**

هەتا ئەو رۆژەی ئەمرم
رێزی هەمووتان ئەگرم
راستە گەر ئێوە نەبن
چۆن لەدایك ئەبم من



لە سایەی بوونی ئێوە
بزەم وا لە سەر لێوە
من مرۆڤێکی ژیرم
خاوەنی هۆش و بیرم
رەنج ئەدەم بەرۆژو شەو
لەخۆم حەرام ئەکەم خەو

تــا بــەهــــــەشــتێ ئەهێنم
ژیــــانــم بنـــەخشـــــێنم
ژینێ : ئــەرزو ئاســــمانی
پــڕ بێ لـــە کـــامــــەرانی

# خوێندنی بە خۆڕایی



مـــردەبێ لێت بچـکـۆلـــــە
چاوت روون بێ بەرخـۆلـە

هەڵپـــەڕن چەشـــــنی شایی
خوێنـــدن بوو بـــە خۆڕایی

چی پێویســـتی خوێنـدنــە
پـــەروەردەو فێـــر کـــردنـــە

میری ئـەیبـەخشـێ پێمان
چـاوی هیـــوانی وا لێمان

دەی تەق تەق چەپڵە گیـانە
بۆ ئـەم دەسـکەوتە گیـانە

# سروودی دیدەوانی

دیـــدەوانـــم ، دیـــدەوان
خـــەڵفی بـــاخی نیشـــتمان



پـاڵـەوانێـــکم : بچووك
ئێسك سووکێکم لەش سووك

گەرچی ئـەمڕۆ کۆرپـەلـەم
پاســـــەوانی ئـەم گەلـەم

نوێنـەری شـیرو قـەڵـەم
هێزی مێشـــــكو بازەڵـەم

بۆ سبەینێی گەل منم
چقڵی چاوی دوژمنم

پاشە رۆژی نیشتمان
وا لە ئەستۆی گشتمان

بیری روون ، گیانی پتەو
رۆژی بەخشیوە بەشەو

دیدەوانی بێ سرەوتم
ناخەوم هەروەك نەخەوتم

بەرهەمی باخی وڵاتم
بۆ ئەوەگشت دەستەڵاتم

ئەم تریفەی ژینمە
بۆ گەلی شیرینمە

دیدەوانم ، باخەوانم
پاڵەوانم
پاسەوانم
دیدەوان

لـه فولكلۆرەوە

# گورگ و بەرخۆلەو ڕاوكەر

گورگ :

ئەی بەرخۆلەی چاو بەكل
وەرەلام بـه خـلە خـل



بۆچ تۆی نەفامو بێ وێڵ
ئاوەکەم لێ ئەکەی لێڵ

کە دێمو ئەڕۆمەوە
لەم ئاوە ئەخۆمەوە

بە ئاوی لێڵو لیخن
نازانی پەست ئەبم من ؟

بەرخ :

ئەی گورگی بە بەهانە
تو سەری ئەو کەڵبانە



تووتیشکی چاوی سوورت
کەللەی لە ویژدان دوورت

ئەگـەر بیـانووم پێ بگـری
ئـەڵێی جـەردەو ڕێگـری

تۆ لـــە سەرچاوەی ئـاوی
بـۆم دێ ئـاوی قـــوڕاوی

**گورگ :**

ئەی بەرخۆڵەی نەرمو نـۆڵ
بێ خـاوەن لەدەشتو چۆڵ



تۆ بووی پـار ئـەم حەلانە
لـەو ناو کـارو بـەرخـانە

کـەتێتـان ڕۆوە هـاتـم
لـە دەسـتی شوان هەڵاتـم

زاماری دەسـتی شـوانم
مانـم بـە زیـاد ئـەزانـم

بـەرخ :

ئـەی گورگی هارو نەوسن
بۆ بیـانوو ئـەگـری بەمن

کەی من پـار لەدایك بووم
ئـا ئـەم بەهـارە هـاتووم

خەتـای خۆتـە نـالـە بـار
ئەچیتـە سـەر بەرخو کار

ئەگینـا شـوانی بێ دەنگ
بۆ ئەتـداتـە بـەر تفەنگ

گورگ :

ئەی بەرخۆلـەی هـەڵـەوەڕ
ئـەبێ بتخـەم لـە لـەوەڕ

ئـەبێ بەکـەڵبـەی تیـژم
مـن خـوێنی تـۆ بـرێـژم

تۆبـەش بکەم هـەر گورگم
ئـەبێ بتنێمـە ورگـم

خـۆت بگـرە بۆ قـەپـاڵـم
بـۆ گـورزو بـۆ گـۆپـاڵم

راوکەر :

ئەی گورگی چاو بە خوێن سوور
خۆتم بۆ بگرە لە دوور



بەفیشەکی تفەنگم
چۆن دەر ئەچی لەچنگم

تۆڵەی سەدان بەرخو کار
لە تۆ ئەسێنم بەدکار

دەی بگەوزێ لە خوێنا
لە نەفرەتو لە جوێنا

# شێرێ "۱" ساختە

## - ۱ -

منداڵینــــە ! وەرن ڕاکـــــەن
ئـــەم دیمەنـــە تەمـاشـاکەن



گوێ درێژێـکی بێ زمـــانــــە
ئەگری حـــاڵی پەرێشـــــانــە

دووچـــاوی بـــەقووڵا چـــووە
پـــەراسـوی گشـت دەرکەوتووە

ناوکـــە ڕێژو گـــوێ تـــەپیوە
بـــە دیمـــەن ئـــەڵێی تۆپیـــوە

گیان لەرزۆكو لمۆز شۆڕە
مردووی بەشی زیندوو خۆرە

چۆن خۆی ئەگریّ بەسەر پێوە ؟
یان لۆژ لۆژ ئەڕوا بە ڕێوە ؟

ئەوەی زۆر ئاشکراو دیارە
لە ژیانی خۆی بێزارە

ئاوات ئەخوازیّ بە مردن
نەك ژینی وا بە سەر بردن

کەچی سەر باری ئەو حاڵە
سەیری ئەو سیّ چوار منالە

چەن دڵڕەقو خوا نەناسن
چۆن خۆی پێوە هەڵ ئەواسن

یان چۆن کلکی ڕائەکێشن
چەن بیّ بەزەیی‌و بیّهوشن

واتوشی مەینەتی ئەکەن
دووچاری پەت پەتیی ئەکەن

(١) بنچینەی بیری ئەم قەسیدەیە دەگەرێتەوە سەر شیعرێکی
( سەعدی شیرازی)

— ٢ —

منالینه! وەرن ڕاکەن
ئەم دیمەنە تەماشاکەن
گوێ درێژەکە ڕق هەستاوە
لەتاو ئازار وروژاوە



لەبەر دەردو لەدەس منال
دلی ڕەشە وەکو زووخال
کەوتۆتە لۆقەو ڕاکردن
بۆ کەندەلانی خۆ کوشتن
بەلێ دوابڕیاری وایە
حەسانەوە لە مەرگایە
ئەلێ: بۆچی بەو مردنە
ورد ورد نەکەم ئەم گەردنە

کــــه ژیـــانــم لـــه نـــاو بـــەرێ
ژینی پــڕ لــــه چەرمـەسـەرێ
تاکـــەی هـــەر باری سەرشانی ،
نەخـــۆشی بێو پەرێشـــــــانی ؟
تـــاکـــەی ژینی پـــڕ لـــه ژان بێ ،
دەردە دارو ســـەر گەردان بێ ؟
بۆچی تـــاکـــــەی ئـــەبێ وابێ ،
گیرۆدەی دەردو ســـــــــزابێ ؟
تـــاکـــەی لـــەبـــەر دەردو منالْ ،
ژینی پڕبێ لـــه نـــالْـــه نـــالْ ؟!
دەبـــا لـــەو ســـەر شـــاخو داخە
بنێژێ ئـــــەم ئــــاخو داخـــــه

— ٣ —



منالینه وەرن ڕاکەن
ئەم دیمەنە تەماشاکەن
گوێ درێژەکە پەشیمانە
لەو بڕیارو لەو پەیمانە
چۆتە بەردەم ئەو ئەشکەوتە
ئەڵێ ڕێی خۆکوشتن چەوتە
ئەڵێ : بۆ ئەوەندە کەرم
خەریکم خۆم لە ناو بەرم
خۆم بکوژم بەم بەهارە
پێم ئەڵێن چەنشێتو هارە

چاك وایە خۆم نەفەو تێنم
خۆم لە خوێنا نەگەوزێنم
کەواتە بیری خۆ کوشتن !
هەر پیرۆزی تۆبێ مردن
بۆ نەخۆشیو دەردو ئازار
دەرمانە ڕەشەگیای بەهار
بۆنو بەرامەی ئەم وەرزە
بۆ دەماخ پیرۆزو بەرزە
ژیان وەکو گیان شیرینە
مردن ژەهرە ، ئەو هەنگوینە
بەهارو گیانو ژینی نوێ
مژدەی خۆشی ئەدەن بەگوێ
وا لەو خەیاڵە دابەزیم
ئەبێ بژیم ، ئەبێ بژیم

## - ٤ -

منالینه ! وەرن ڕاکەن
ئەم دیمەنە تەماشاکەن



گوێ درێژی پەروەردەی بەهار
کەوتۆتە مل بادان و غار

جووتە ئەهاوێ ، گاز ئەگرێ
بە دوو باڵی خۆشی ئەفڕێ

وەك میزەڵڵان پڕ لە فووە
چاوی فیزی لێ سوور بووە

بە هەر چوار پەل سەما ئەکا
لە سەر سەوزایی ڕائەکا

لەم سەر عەردو ژێر ئاسمانە
چی بەقەد ئەو شادمانە

کام گیان لەبەر هەیە وەك ئەو
دڵی خۆش‌و تێرو قەڵەو

بە گیای مێرگی تەڕو پاراو
دەماخی خۆی ئەدا زاخاو

لە خۆشی بەهاری ئاوا
جار جار لوت ئەکاتە حەوا

تا چاو بڕکا سەوزەگیایە
جێی گەوزین‌و لەوەڕگایە

ئیتر بۆ نەکا گاڵتەو گەپ؟
بۆ نەکەوێتە جووتەو قەپ؟

ئای چەن بێ ئاگاو بێ هۆشە
کێ بەقەد ئەو دڵی خۆشە؟!

— ٥ —

منداڵینه ! وەرن ڕاکەن
ئەم دیمەنە تەماشاکەن
گوێ درێژی تێرو قەڵەو
بیر ئەکاتەوە ڕۆژو شەو
پیلانێکی واپێك بێنێ
تۆڵەی رابوردووی بسێنێ



لەکێ ؟ لە منداڵی لاسار
لە وردو لەدرشتی شار
رووی وەرگێڕاوە بۆ دواوە
رابوردووی خۆی لەبەر چاوە
لەبن ئەو دارە رووتاوە
دڵی بە جاران سووتاوە

بـایی بووی ئـەم بـەهـارەیـە
ڕقی زۆری لـەوشـــــارەیە
نـازانێ چـۆن ئـاگـــری قـین
بۆمبـــای بخـاتـە سـەر تەقین
چـاك وایـە هەرگیـز نەسرەوێ
تـاكـوو تۆڵەی دەست ئەكەوێ
بـەوە نابێ پێی ئەڵێن كــەر
گیـان لـەبـەرێكە بـارە بـەر
بـەش بەحاڵی خـۆی بەهۆشـە
بۆ تۆڵـە ســـەندن پەرۆشـــە
دەبـــا ورد ورد چـاو بگێــڕێ
بـۆ پیـــــلانێ ، بـۆ تـەگبیرێ

— ٦ —

منـاڵینـــه ! وەرن ڕاکـــــەن
ئـەم دیمەنـە تـەمـاشـاکەن



وا گـــوێ درێـژەکـە رامـاوە
کـەوڵی شـێری لەبـەر چـاوە

بۆ تۆڵـە سـەندن و بۆشـەڕ
بۆ خۆی نـەکـا بەشـێری نەر ؟

پێسـت هی پاشـای جانەوەرە
چـووزانـن ناوەوەی کـــەرە

کێ هـەیـە لەشـێر نەتۆقێ ؟
لـەترسـا دانی نـەچۆقێ ؟

بۆ نەکەوێتە دەستو برد
نەترسێنێ درشتو ورد ؟

کەری دوێنێو شێری ئەمڕۆ
بۆ خەڵك نەخاتە شینو ڕۆ ؟

بۆچی تۆڵەی خۆی نەسێنێ
گورزی جووتە نەوەشێنێ ؟

دەبا پێستی خۆی بگۆڕێ
تەواو خۆی لە خۆی بگۆڕێ

خۆی بکا بەشێر فرسەتە
دنیا زۆری ڕەواڵەتە

ترسو سامی وا بنوێنێ
گەورەو بچووك بتۆقێنێ

نێچیری وا دەست ناکەوێ
بۆ راوکەر بەر کەس ناکەوێ

## — ٧ —

منــــالينــــه ! وەرن ڕاكـــــەن
ئـەم ديمەنـە تـەماشـاكەن
گوێ درێژەكە خۆی كـرد بە شێر
بـەكـەوڵـە كونێـكی بێ خێـر



خـۆی بـەجـۆرێ لێ گـۆڕيـوە
هيچ كەس شـێری وای نەديوە
سـەرتاپای گيـــانی بـەجـارێ
ترس‌و ســـــامی لێ ئـەبـارێ
گوێ درێــژی پێستی شێرلەبەر
ڕێـگەی شــاری گرتۆتـە بەر
ئـا ئـەم شـێری شـێرشكێنە
داخ لــــە دڵ‌و تۆڵـە سـێنە
وەهـا لــــە خۆی بـايی بـووە
ڕێی ئــازار دانی گـرتــووە

ئـەڵـێ هــەرچـی مــن ببینێ
گیـــانی لــە لەشـــا نامێنێ
تـرس‌و لــەرزێ ئـەبـــارێنــم
بێشـــك تۆڵـەی خۆم ئەسێنم
زۆرم نۆشـــــــی دەردو ئـازار
لــەدەســـتی عەجوول‌و لاســـار
هـەمـوو شـــتێ بۆتــە نـۆرە
ئنجـا نـۆرەی منی شـــــێرە
هــەر کەسێ شـــێری بێتەڕێ
گــەر ئـازایــە خــۆی راگـرێ

## -٨-

منالینه ! وەرن ، ڕاکەن
ئەم دیمەنە تەماشا کەن



لەترسی شێری رق هەستاو
هیچ کەسێ نابینی بەچاو

هەرکە دی‌یان لە دوورەوە
خۆیان کوتایە ژوورەوە

شاری پڕ لە ژاوەو هەرا
دەرگاو پەنجەرەی داخرا

لەبەر ئەم شێرە وەستاوە
ئەڵێی کەسی تیا نەماوە

ئەویش گـــەڕا جـادەو کـوڵان
لــەبــەر خــۆیــەوە ئــەیبــۆڵان

وای دەرئەخست بـۆ خەڵکی شـــار
زۆر تینـــووە بـــۆ پـــەلامـــــار

هــەرچی بکەوێتــە بـــەر دەس
خوێنی ئــەرێـژێ بــە هــەوەس

بەڵێ لــە پــاش ئەوەی کەشــێر
نــاو شـــاری پشکنی تێر تێر

بــەڵام نێچـیری دەس نەکـــەوت
رووی کردە ســەربانی مزگەوت

لەپاش ئــەوەی لەگیـای سەوزا
لــە خۆشـیانا جوان جوان گەوزا

ئنجـا هــەڵســـــــایەوەو زەڕی
ناســرایەوە ، خــەڵـک دەرپــەڕی

— ٩ —



منالینه ! وەرن ، راکەن
ئەم دیمەنە تەماشا کەن
لەبەر فیزو لە تاو بەهار
رازی ئاشکرا بوو بۆ شار
جا بۆی هاتن بەڤینەوە
بەدەم دەنگی زەڕینەوە
تا پێستی لەبەر داماڵن
بە جارێ ژینی راماڵن
کەوڵی رەواڵەتو درۆ
گوی درێژەکەی کرد رەنجەڕۆ

کـــەر بەپێستێ نابێ بەشـێر
بـــە نـەبــەردو ئـازاو دلێر
ئـەنجـــامی چـیرۆك ئـاوابـوو
شـێری ساختەی تیـا رسوابوو
یەکێ خۆی لە خەڵك گۆڕی بێ
ئەبێ هـــەر ئـەوە گۆڕی بێ
ئەنجـامی فێـڵو دەســتبڕیـن
کـەر بوو بەقوربـانی زەڕیـن
ئـەوەی پیشـــەی ئازاردان بێ
ئەبێ تووشـــی مـل شـکان بێ
هـەرکـەســـــێ دڕك بچێنێ
تـاکـوو مـاوە گــوڵ نابینێ
کلیـلی دەرگـای ئـەم ژینـــە
هـەر چاکـەو ژیریو زانینـە

# ئامۆژگاری

ڕۆڵەکانم ! ڕۆڵەی چابن
گوڵێ ناو باخچەی هیوابن



گوێ شل کەن بۆ ئامۆژگاریم
بەدڵ ، بەگیان لەگەڵمابن

ئێوە نەمامی باخێکن
بەدەستی ئێمە نێژرابن

باخچەی ئێوەش ماڵو مەکتەب
ئازاو زیرەکو وریابن

لەگەڵ یەکا بۆ یەکتری
نمونەی خوشكو برابن

لەڕێی کۆششو خوێندنا
بۆ تاریکی شەو چرابن

زۆر هێمنو زۆر لە سەرخۆ
دور لەشەڕو لە هەڵلاٚبن

لەلای هەموو گەورەو بچووك
خۆشەویستو جێ بڕوابن

گەورەی دڵسۆزو باخەوان
چۆن چۆنی پێخۆشبو وابن

گوڵ خونچەی باخی پەروەردەی
دایكو باوكو مامۆستابن

گەر لەسەر ئەم ڕێیە بڕۆن
چاك پێ ئەگەن دڵنیابن

سـرودی

# خۆشم ئەوێ

« سەرەتای ١٩٥٨ »

خۆشم ئەوێ ، خۆشم ئەوێ
ئـەم نیشتمانەم خۆش ئەوێ



تاڵێـدانی دڵ ئـەســـــرەوێ
هیچ لەبــەر چـاوم ناکــەوێ

خۆشـــم ئەوێ وڵاتــەکـەم
کانگای هیواو ئـاواتــەکـەم

ئـائـەم هـــەواو ئـاوو گڵە
بۆ ژیـانـم خـوێنی دڵـــە
دڵ کـە بلبلی ســـــــەرچڵە
شـــەیدایە بـۆ ڕوی ئەو گوڵە

خۆشـــم ئەوێ وڵاتــەکـەم
کانگای هیواو ئـاواتــەکـەم

کوردســـتانە خۆشـــەویستم
هـەتـا مـاوم ئـەی پەرستم
هـاوار ئەکا هۆش‌و هەســتم :
بـە جـــوانی دیمەنی مەستم

خۆشـــم ئەوێ وڵاتــەکـەم
کانگای هیواو ئـاواتــەکـەم

دڵم ئەڵێ ، وەك زمانم
خۆشم ئەوێ کوردستانم
خۆشەویستی نیشتمانم
بوتە سەر لەوحەی ئیمانم

خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم
کانگای هیواو ئاواتەکەم

خۆشم ئەوێ ، خۆشم ئەوێ
ئاواتە خوازم سەرکەوێ
ناوی لەناوا دەرکەوێ
گەشەو رووناکی بەرکەوێ

خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم
کانگای هیواو ئاواتەکەم

# پۆلیسی هاتوچۆ



ئەی پۆلیسی هاتو چۆ
سوپاسی ئێمە بۆ تۆ
بەوەی ئەمان پارێزی
رەنجت گرتۆتە ئەستۆ

ئەی پۆلیسی هاتو چۆ
سوپاسی ئێمە بۆ تۆ

کە دەستـرا ئـەوە شێنی
ترومبێـل ئـەوە سـتێنی
هـەتـا ئێمـە تێ پـەڕیـن
زۆر دڵســۆزی ئەنوێنی

ئەی پۆلیســی هـاتو چۆ
سـوپاسـی ئێمە بـۆ تـۆ

ڕەنگی ســوور ئـەڵێ بـڕۆ
زەرد ئـەڵێ راوەسـتە تۆ
بـەوەی ئـەمـانپـارێـزی
ڕەنجت گرتۆتـە ئەسـتۆ

ئەی پۆلیســی هـاتو چۆ
سـوپاسـی ئێمە بـۆ تـۆ

کۆرپـەلـەی نیشـتمانین
چـرۆی داری ژیـانـین
پـیرۆزبـاییتـان ئـەکـەین
نـرخی ئێـوە ئـەزانـین

ئەی پۆلیســی هـاتو چۆ
سـوپاسـی ئێمە بـۆ تـۆ

# پشە و مریشکە ڕەش

مریشکە رەش میوانم
خاڵی جووجەڵەکانم



دوێنێ شەو هیچ نەنوستووم
بۆیە بە پەلە هاتووم
بیستوومە تۆ نەخۆشی
ئێش و ئازار ئەنۆشی
بابێمە ناو کۆلانە
مریشکی خنجیلانە
دانیشم لاتان تاوێ
هیچم لە ئێوە ناوێ

پش پش پش پش ختە سوور
مەوەستە بڕۆ بۆ دوور
کەی خاڵی جووچکی منی
کوانێ دۆستی ، دوژمنی
هاتووی بە فێڵو تەڵە
قڕ بخەیتە جووجەڵە
بێم بە دەنووکی تێژم
خوێنی چاوت ئەڕێژم
ڕۆژوشەو لە پارێزم
جووچکی خۆم ئەپارێزم



# باخچەی دڵسۆزی



باخچەی دڵسۆزی خۆشە
بۆ پەروەردە پەرۆشە

دادەگیـــان بـاخــەوانە
نرخـی لـەسـەر چـاوانە
گوڵی ئـەم دەرودەشـــتە
باخچەی خۆشـــی بەهەشتە

# سوپاس



باخچە بەبزە خۆش کەین
خۆراکی ئەمڕۆ نۆش کەین
هەموو وەرن باتێر بین
بە بەهرەی سوپاس فێر بین
خۆراکە هێزی لەشە
بە چاو ئەبەخشێ گەشە

ستایش‌و سوپاسمان
بۆ زەمین‌و بۆ ئاسمان
ئەوەی کە دڵسۆزمانە
سێبەری پیرۆزمانە
ڕێزی ئێمەی پێشکەش بێ
دڵ‌و چاوی هەر گەش بێ

# خوێنەری خۆشەویست

دامەزاندنی دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی دەسکەوتێکـــە لەو دەسکەوتانەی شۆڕش بۆ گەلی کوردمان بەدی هێناوە بۆ ئەوەی شـــان بەشانی دەزگا رەسمی‌یەکانی‌تر لە راپەڕاندنی ئەرکی سەرشانی لە بەرەوپێش بردنو پەرەپێدانو بوژاندنەوەی ئەدەبو رۆشنبیریو سامانی فیکری گەلـی عیراقـدا بەکوردو عەرەبەوە بەشداری بکات .. دەزگاکەشـمان لـــە رۆژی لەدایکبوونیەوە لە ئاستی ئەو بەرپرسیاری‌یەدا بووە کە پێ‌ی‌ســــپێردراوەو بەپێ‌ی توانا لەم مەیدانەدا خزمەتی کردوە .. ئەم لیستەیەی خوارەوەش کـە بەرهەمی دوو ساڵی دەزگای رۆشنبیریو بـلاوکردنەوەی کـوردین بەڵگـەی راستی‌و دروستی ئەم قسەیەمانن :

١ ــ باوەڕمان بە ئۆتۆنۆمی هــەرگیز لەق نابێ ١٩٧٦
٢ ــ دیوانــی نالیو فــەرهەنگی نالــی ١٩٧٧
٣ ــ شەوێك لە ژیانی خانزاد ١٩٧٧
٤ ــ فریشتەی سەرزەمین ١٩٧٧
٥ ــ چرۆ دەمی بۆ ماچی رۆژ ئەکاتەوە ١٩٧٧
٦ ــ راپۆرتی سیاسی سەر بە هەشتەمینی کۆنگرەی هەرێمایەتی ١٩٧٧
٧ ــ سەنگەرێك یــان دوو ســەنگەر ١٩٧٧
٨ ــ ئەســتێرە گەشــە ١٩٧٧
٩ ــ دیموکراتیەت سەرچاوەی هێزی هەموو کەسێكو کۆمەڵە ١٩٧٧
١١ ــ چەند راسپێرییەك بۆ تیکۆشەران ١٩٧٧
١٢ ــ یاســای ئۆتۆنۆمی ١٩٧٧
١٣ ــ چیرۆکی هــونەریی کــوردی ١٩٧٧
١٤ ــ لاوان بەلای خۆماندا دینین تــا دوا رۆژ مسۆگەر بکــەین ١٩٧٨
١٥ ــ دەقی دوانەکــەی هــاوڕێ طه یاسین رمضان لەبارەی کۆنگرەی تەرابلســەوە ١٩٧٨
١٦ ــ دڵــدارەکەم پایزە گەواڵەیەك نییە ١٩٧٨
١٧ ــ مرۆڤو چاخو بیر ١٩٧٨
١٨ ــ دیــوانی کاردوخی ١٩٧٨
١٩ ــ چەند رۆژێکی بەرچاو لە خەباتی پارتی بەعسی سۆشیالیستی عــەرەب ١٩٧٨
٢٠ ــ لە نێوان مرۆڤو زانستو تەکنۆلۆژیادا ١٩٧٨
٢١ ــ پێداویستییەکانی خەبات لە قۆناغی ئێستادا ١٩٧٨
٢٢ ــ گێلە پیاو ١٩٧٨
٢٣ ــ ئەڤین ١٩٧٨
٢٤ ــ بە یارمەتی ئێوە ١٩٧٨
٢٥ ــ دڵ لەگــوڵ ناســکترە ١٩٧٨
٢٦ ــ شــەمامە ١٩٧٨
٢٧ ــ رابەر بۆ مامۆستایانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی ١٩٧٨
٢٨ ــ خەباتی ئێمەو سیاسەتی نێو دەوڵەتان ١٩٧٨
٢٩ ــ ئەســپ ١٩٧٨
٣٠ ــ شــەپۆلی ئــاواز ١٩٧٨
٣١ ــ دڵــداری ١٩٧٨
٣٢ ــ بێ فیزین بێ ئەوەی بێ هێزبینو بەهێزین بێ ئەوەی لە خۆ بایی بین ١٩٧٨

رقم الايداع في المكتبة الوطنية ـ بغداد
« ١٤٨٣ لسنة ١٩٧٨ »

دار الحرية للطباعة ـ بغداد
١٣٩٨هـ ـ ١٩٧٨م

الجمهورية العراقية
وزارة الثقافة والفنون
دار الثقافة والنشر الكردية
(٣٣)

# فلذات الأكباد

## شعر للأطفال

تأليف
حمه حمه أمين قادر
« كاكەی فەللاح »

الغلاف للفنان جعفر توفيق
توزيع الدار الوطنية للتوزيع والاعلان

السعر : ١٠٠ فلس
دار الحرية للطباعة ـ بغداد